# ئایا زەکەریا بەناوبانگترین گۆرانی بێژی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە یان گەلی کورد خۆش باوەڕترین گەلی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە؟؟!!



**ئەردەڵان عەبدوڵڵا**

گەر کوردێک لەهەر بوارێک لەبوارەکانی ژیاندا سەرکەوتن بەدەستبهێنێت ، مایەی خۆشحاڵیە بۆ زۆربەی خەڵکی کوردستان . بەپێچەوانەشەوە ، گەر کوردێک لاریەک بنوێنێت ، مایەی شەرمەزاریە بۆ هەموومان . ماوەی چەند رۆژێک لەمەو پێش لەدوالاپەڕەی رۆژنامەی کوردستانی نوێ ومیدیاوخەبات وسایتی Ktv،چاوم بەهەواڵێکی سەیر کەوت . بە مانشێتێکی گەورەنووسرابوو: ( زەکەریا بەناوبانگترین گۆرانی بێژی رۆژهەلاتی ناوەڕاستە*) . پێشەکی دەمەوێت ئەوەبڵێم ، کە من هیچ شتێکی تایبەتی و ڕقێکم لە زەکەریا نییە . بگرە من وەکوو گوێبیستێکی بەردەوامی گۆرانی و مووزیکی کوردی لەلایەک و ، وەکوو نووسەرێکی ئازاد و خاوەن هەڵوێستیش ، هەمووکات بەماقی خۆمی دەزانم ، ئەو هەڵانەی کە دەکرێن ،راستیان بکەمەوە بۆ خوێنەری کوردی .شتە شاراوەکان ، لەشوێنە تاریک و سەختەکانیان دەربهێنم و لەرۆژی رووناکدا، بۆ خوێنەری کوردی کەشف بکەم، کەئەمەش پەیامی پیرۆزی نووسینە. کوردستانی نوێ وخەبات ، کەزمانحاڵی حیزبی دەسەڵاتدارن ، دەبوایە پێش هەموو شتێک ، بەدوای ئەم هەواڵەدا بچونایە و لێکۆڵینەوەی تایبەتیان بکردایە ، لەراستی و دروستی هەواڵەکەیان بۆ روون ببوایەتەوە ، ئینجا هەواڵەکەیان بڵاوبکردایەتەوە. دیارە هەموو رۆژنامەکانی جیهانیش ، پشت بەم پرەنسیبە دەبەستن ، گەر وانەبوایە ، ئەوا رۆژانە هەزاران هەواڵی درۆ بڵاودەکرایەو ، چەندین کێشەی جۆراجۆر ڕوویدەدا. لێ لەبەر ئەوەی کوردستانی نوێ وخەبات ، رۆژنامەیەکن پشت بە پرەنسیبی (خزم خزمێنە و ناوچەگەری ، پشتگیری و واسیتە) بەستووە ، بۆیە دەکەونە هەڵەی گەورەوە . ئەمەش گورزێکی خراپە،کەکوردستانی نوێ و خەبات ومیدیا لەخۆیان دەوەشێنن ، زەکەریاش ئەم جارە بەسەرا تێیکەوت . وەمتمانەی خۆیان ، لای خوێنەران لەدەستدەدەن . جارێک پێش هەموو شتێک ئەو سەرچاوەیەی کە هەردوو رۆژنامەکە پشتیان پێ بەستووە، سایتی( Wikipedia ) یە. ئەم سیاتەش، سایتێکی ئازادە ، هەموو کەسێک دەتوانێت ، هەر هەواڵێک یان نووسینێک یان وێنەیەکی تێدا بڵاوبکاتەوە. لەلایەکی ترەوە ، ئەم سایتە هیچ کاتێک پەیوەندی بە هەڵبژاردن و دەست نیشانکردنی باشترین و خراپترین گۆرانی بێژنییە . بگرە ئەم سایتە ، ئینسکلۆپیدیایەکی ئازادی مۆدێرنە . لەلایەکی ترەوە ، من پێش ئەوەی ئەم ووتارە بنووسم ، چووم لە هەردوو سایتی

( Wikipedia, bbc6music.uk ) گەڕام و چەندینجار ناوی زەکەریام لێدا ، لێ هیچ کات هەواڵی وای تێدا نەبوو. پاشان هاتم کردم بە ( زەکەریا عەبدوڵڵا) ،کەچی کابرایەکی ئەسمەری هیندی خستە سەرشاشەکە!! دواتر کردم بە ( زەکەریا هەولێری)، کەچی هەربەجارێ لاپەرەکەنەما . من نازانم کاک زەکەریا و کوردستانی نوێ وخەبات،، ، پێمان ناڵێن ، بۆچی کەس لەئێمە گوێمان لەم هەواڵەگرنگە لەمیدیایەکی (عەرەبی ،تووركی،فارسی،کوردی،ئیگلیزی،،،،،) نەبوو!!!. پاشان ئەم قسەیە کێ باوەڕی پێدەکات ، کە ئەم هەموو گۆارنی بێژە (عەرەب و فارس و کورد وئازەری وئەرمەنی توورکە) هەن ، کەچی کاکە زەکەریا لەهەموویان بەناوبانگ تربێت !!!. پاشان کەدەڵێین بەناوبانگترین واتە( شۆرەت یان ناوی لەتەواوی رۆژهەڵاتی ناوەراست ناسراوبێت) ، بەڵام ئایا زەکەریا ، جگەلەهەولێرو سلێمانی ، لەچ شوێنێکی تری کوردستاندا ناسراوە؟!. من تازە لەکوردستانی رۆژهەلات گەڕاومەتەوە ، لەوێ گوێم لە( عەلی یارەو مەحموود دەرویش { خولەدۆم} و نوری گەرمیانی،میدیاحوسێن) دەبوو، خەڵکیش زۆر باش دەیانناسین ، کاتێک باسی زەکەریام بۆ کردن ، کەسیان نەیاندەناسی . وایان دەزانی باسی گۆرانی بێژێکی عەرەبی دەکەم. ئەوەلەکوردستانی باکووریش هەرمەپرسە. ئیتر نازانم ئێوە چۆن ئەم برادەرەتان کردە (سوپەرستاری رۆژهەلات!) . زەکەریا ماوەیەکی زۆرە خەون بە سوپەرستاریەوە دەبینی(خەوبینینش ماڤێکی شەرعی هەموو مرۆڤێکە) ، یەکێک لەگۆرانیەکانی (نەدبینم) کلیپێکی کردووە، بەسەدەیا کچی توورک (بەپارە!!) لەدیسکۆتێکێکی توورکیدا ،بۆ ئەم سوپەرستارە وەستاون و وێنەی ئەویان بەرزکردۆتەوە!!!. کەئەمەش تەنیا شانۆگەریە، بۆئەوەی والەبینەری مێگەل تێبگەیەنێت ، کەگوایە شەیدایانی کچی زۆرە. من لەم کلیپەوە زانیم ، کەزەکەریا نەخۆشی (سوپەرستاری) هەیە . لەلایەکی ترەوە کاکەزەکەریا پێمان نالێت ، لەچ میهرەجان و لەچ پایتەختێکی رۆژهەلاتی ناوەراست( تاران ،ئەنقەرە، قاهیرە،کابوول!) ئەم هەڵبژاردنە بەرێوەچوو؟؟!! ئایا ئەو( لیژنەی تەحکیمە) کێ بوون، کەتۆیان بە، بەناوبانگترین گۆرانی بێژی رۆژهەلات هەڵبژارد؟؟!!. هیوادارم لیژنەکە لە( **کۆسرەت رەسوڵ ، سەعدی پیرە، ئەرسەلان بایز)** پێک نەهاتبێت . بەڕاستی ئەمەی میدیاکانی حیزبەدەسەڵاتدارەکان دەیکەن ، رۆلێکی ئێجگار نێگەتیڤی بۆسەر بزووتنەوەی هونەری و موزیکی کوردی هەیە. گەورەکردنی ئەو گۆرانی بێژانەی ،کەگۆرانی بۆ دەسەلات دەڵێن ، بچووکردنەوەو ترۆکردنی گۆرانی بێژانی دژە دەسەلات ،کارێکی ئێجگار قێزەون و ناشایستەیە. باشترە لە خودی زەکەریا و رۆژنامەی (کوردستانی نوێ و خەبات ومیدیاو سایتی ktv) ڕوونکردنەوەی خۆیان لەسەر ئەم بابەتە بدەن و داوای لێ بووردن بکەن . ئەگەر دەیانەوێت رۆژنامەکانیان جێگای باوەڕی خوێنەران بێت . بەڕاستی ئێستا سالانی سی وچلەکان نییە ، کە خەڵکی بێ ئاگاو سادەوساکاربن ،بەهەموو درۆیەک باوەڕبکەن. ئێستا هەموو کەس چاوی کراوەتەوەو هۆشیارە ، باوەڕ بەودرۆیانە ناکات . بەڵام ئەوەی منی زۆرئازاردا، کەئەم هەواڵە نزیکەی هەفتەیەکە بەسەر رووپەلی رۆژنامەکانەوەیە، کەچی تائێستا قەڵەمێک ،نووسەرێک ،رۆشنبیرێک ، نەهاتووە لەم هەواڵە بکۆڵێتەوە. کەپشت بەستراوە بەئینسکلۆپیدیایەک و وەکراوە بەسەرچاوە، کەئەم ئینسکلۆپیدیایە، هەرئێستا من دەتوانم بچمەناویی وەک هەموو کەسێکی تر ، وە هەر گۆڕانکاریەکم بوێت لەناو ئەوسایتەدا بیکەم . وەهەر کەسێکیش پێی خۆشە ، بابفەرمێت تاقی بکاتەوە. ئەگەر ئەو دوو شوێنە ، ( Wikipedia, bbc6music.uk) سایتی ئازاد نەبوون بۆ بیروڕای ئازادی هەموو کەس ، ئەوا من ئامادەم داوای لێبوردن لەهەموو خوێنەرانی ئازیز بکەم.

- سەرچاوەکان
- کوردستانی نوێ ، ژمارە ، 3975 ، 2006،23،05

میدیا، ژماره 241، 22،05،2006
سایتی رۆژنامەی خەبات